# سەختتر لە تۆ .. بەژانتر لە عیشق



تارا خامۆش ـ کەرکوك
taraxamosh@yahoo.com

من دەمێکە چاوەڕوانی هەناسەیەکی تۆم دەکرد
لەڕێی تۆدا دڵو هەستو جەستەشم بۆ کردی بە پرد
ئاخر بۆچی هێندە دڵڕەقی خۆ من تەنها تۆم خۆشەوێ
بۆ نازانێ بێ یادی تۆ دڵم یەك ساتێ ناسرەوێ
خەیاڵم بوو لەگەڵ عیشقا شەوێك بێمو ببم بە تۆ
ئاخ من چبکەم تۆش نەفام بووی دڵت کوشتم وا بەبێ هۆ
توخوا تەنها بۆ یەك جارێ وەرەو دڵم پڕکە لە راز
ڕێبوارێکی ماندووی وێڵم وا دەمکوژێ سەختی هەوراز
چەند دڵڕەقی .. بڕۆ ئیتر نە بمناسە .. نە بمبینە
لە حەسرەتی بێوەفاییت دڵم هەر داخو برینە